# ( نیتشه )

**نووسینی: ئەلەین تۆرین**
**لەتورکییەوە: یوسف عیزەدین**



لەسەرەتادا وادەهاتە پێش چاو کۆمۆنیتەی پیشەسازی کەبۆیەکەمینجار لەئەمریکاو دواتر لەئەمریکا پێکهات، بوو بێتە دوو بەش:
لەلایەکەوە جیهانێکی بەرژەوەندی تاکەکەسی هەیە، کەشۆبنهاوەر لەڕووی ئێستەتیکییەوە دەیچووێنێت بەمەیخانەیکی پڕ لەسەرخۆش و لەڕووی رۆشنبیریشەوە بەشێتخانە و لەڕووی مۆڕاڵیشەوە بەمۆلگەی چەتەو دز، لەلایەکی تریشەوە جیهانێك هەیەدابڕاو لەدنیای ژمێریاری.
ئیدی ئەو ئەقڵییەتە ئامڕازییەی کەخراوەتە خزمەت خۆپەرستییەکی چاوچنۆکانە، هیچ پێوەندییەکی بەجەستە و ئارەزووەکان و هێزەکانی ژیانەوە نەماوە، ئەو هێزانەی مەگەر بەزەینڕوونی بەرجەستەبکرێن. لێرەوە دوالیزمی کانت– ی دەبێتە تراژیدیا، شۆبنهاوەر– یش پێی وایە مرۆڤ بێهوودەیە چونکە لەنێوان ئارەزووەکانی ژیان وەك بزاوتێکی گەردوونی و ئەو بزاوتەشی بەرەو تاکرەوێتی دەبات پەرتەوازە بووە، رێگەچارەش هەڵبژاردنی ئازادبوونە لەو تاکرەوێتییە، چەمکێکی لیبراڵیش هەیە سەبارەت بەحەق ئەویش کەمکردنەوەی ئیرادەی ئەوانی ترە لەسەر ئیرادەی من، ئەم ئازادبوونەش بۆ ئەوە ڕوونادات مرۆڤ دیلی ئارەزووەکانی بێت بەڵکو بۆ ئەوەی ئەم ئارەزووانە لەخودی خۆی و تاکرەوێتی ڕزگار بکات، شۆبنهاوەر لەپێناو کشانەوەو گەیشتنە نێرڤانا
گرنگی بەبودیزم دەدا.

لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا ئەو دەمەی کتێبی " جیهان وەك ئیرادەو نواندن" بڵاوبۆوە لەساڵی 1818دا، شۆبنهاوەر لەجیهانی ئەقڵ و زانست و تەکنیك دوور کەوتەوە کەلای ئەو جیهانی خۆپەرستی و نەفیکردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی دەنواند، دوورکەوتنەوەی شۆبنهاوەر بۆ ئەوە نەبوو سیستمێکی کۆمەڵایەتی ئاستەم دروست بکات، بەڵکو بۆ ئەوە بوو بانگەشەی ژیان و ئارەزووەکانی بکات، کەواتە لەپێناو شتێکی ناکەسێتیانە لەئەزموونی ژیاندا، نەك بۆ شتێکی هۆشمەندانەو ئیرادییانە، دەبێت ئیگۆ و وەهمەکانی هۆش تێکبشکێندرێن هەر وەك چۆن دەبێت وریابین لەوەهمەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی کەلەئاست پاراستنی شەهوەتە خۆپەرستەکاندا تەسك دەبێتەوە. چۆن فیکرو کردارە ڕەخنەییەکان ڕەفزی وەهمەکانی ئیگۆ و سیستمی کۆمەڵایەتیان نەکرد، چۆن فیکری مۆڕاڵی و کۆمەڵایەتی توندڕەو هەر لە شۆبنهاوەر– ەوە بۆ برجسۆن داکۆکی لەژیان دژ بەتەکنیکی داکۆکی لە بەردەوامبوونی ژیان، دژ بەدابڕان و تاکرەوێتی نەکرد؟ لەم بزافە فیکرییەدا هیچ سوودێك لەگەڕان بەشوێن ئیگۆدا نییە بەڵکو بەپێچەوانەشەوە دژ بەو بیرۆکەیەیە، بەڵام ئێمە لانی کەم تێکشکانی ئیگۆ و ڕەخنە لەئاراستەکاریی تاکرەوێتیدا دەبینینەوە هەرچەندە هەردووکیان زۆر دوورن لەبونیادنانی ئیگۆ بەڵام بەبێ ئەوانیش دەبێتە ئاستەم.

هەرچەندە نیتشە رەخنەی شۆبنهاوەر– ی پێ قبووڵە بەڵام دژایەتی رێگەچارەکەی دەکات و خۆی دەخاتە نێو جەرگەی مۆدرێنیتە و داوای نوێگەرێتی دەکات هەروەك ڤۆلتێر، ئەمەش لەڕوانگەی ڕەفزکردنی مەسیحییەتەوە، هەرچەندە مرۆڤ لەخوداوەندەکان جیابۆتەوە، بەڵام ئەمە کۆتایی دنیا نییە و سەرەتای ئازادبوونێکە کەدەبێتە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ و لەهەمان کاتیشدا تاوانێکی کوشتن، چونکە ئەو دابڕانە بارگاوییە بەکۆمپلێکسی هەستکردن بەو گوناهەی کە خوداوەند مردووە، هەروەك نیتشە ئاماژەی پێدەدا لەکتێبی"مەعریفەی بەختەوەر" دا :"ئێمە کوشتمان"، دواتر درێژەی دەداتێ و دەڵێت:( خوداوەند مردوو و بەمردوویێتیش مایەوە، ئێمە کوشتمان، چۆن لەمەودوا هەست بەئاسوودەیی بکەین، ئێمە بکوژین؟ هەموو ئەوەی لەم دنیایەدا تا ئەم ساتە وەختە پیرۆز بوو خوێنی تێدا نەما لەژێر لێدانی خەنجەرەکانماندا. کێ ئەم خوێنەی سەر دەستمان دەسڕێتەوە؟ چ ئاوێکی پاکژ هەیە توانای پاککردنەوەی تەواومانی هەیە؟ چ گەمەیەکی پیرۆزێتی

دەبێت سەرلەنوێ دابهێنین؟ ئایا مەزنێتی ئەم کارە تێپەڕمان ناکات؟ ڕووشی نەداوە کردەیەکی هێندە گەورە ڕووبدات، بەڵام ئەوەی لەدوای ئێمە لەدایك دەبێت، بەپێی ئەم کردەیەی ئێمە ئینتیما دەکات بۆ مێژوویەکی باڵاتر لەو مێژووەی کەتائێستا هەبووە).

مەرگی خوداوەندیش کۆتایی میتافیزیکە کەکاری گەڕان بوو بەشوێن پێوەندییەکانی بوون و فیکرو یەکانگیریدا، ئەم گەڕانە هەر لەبارمنیدس و ئەفلاتون و دیکارت و سبینوزا– وە بەدەوام بووە.

لەگەرمەی ئەو چاخەی کەمێژووگەرایی بەسەریدا زاڵ بوو، نیتشە بەردەوامبوون دەخاتە جێی بوونەوە، کرداریش وەك ناوەڕۆك سەیر دەکات. هەڵگێڕانەوەی ئەو بەهایانەی کەڕایان دەگەیەنێت دەگۆڕدرێت بەپێی خۆگونجاندن لەگەڵ سیستمی ئەقلانی جیهان و بەبەرز نرخاندنی ئیرادەو عاتیفە، "ئەگەر بەسەر جیهانی حەقیقەتدا زاڵبووبێتین، ئەی کەواتە ئەو دنیایەی کەبۆمان ماوەتەوە کامەیە؟ رەنگە دنیای دیاردەکانمان بۆ مابێتەوە؟ بەڵام بێگومان نەخێر، چونکە ئەویشمان لەگەڵ دنیای حەقیقەتدا لەناو برد، نیوەڕۆژ ساتەوەختی سێبەرێکی کورتە و کۆتایی ئەو هەڵە درێژخایەنەیە: ئەوە ساتەوەختی گەیشتنە ترۆپکی مرۆڤایەتییە"... زەردەشت ئاوای گوت( لەکتێبی نەمانی بتەکان، بەشی "چۆن دواجار جیهانی حەقیقەت بووە تەنها حیکایەتێکی خوارفیی"...).

هیچ شتێك لەم وشانە نوێتر نییە کەدژ بەکانت نووسراوە، ئەم وشانە لەو جۆرەیە کە ئۆگست کۆنت بیڵێت بەو پێیەی ڕکی لەمیتافیزیك بوو، بەڵام زۆر ڕێگەی نوێگەری لەم دێڕانەدا هەیە، لەوانە ئەو ڕێگەیەی کەنیتشە ناوی دەنێت ڕێگەی سوودمەندێتی ئینگلیزی و بەشێوەیەکی توند رەفزی دەکات، چونکە ئێمە ناتوانین کۆیلەی دنیای دیاردەکان بین، هەروەك چۆن شارستانییەتی فەڕەنسایش شایانی هەمان ڕك لێبوونەوەیە، لەبەر ئەوەی ژیان لێی کشاوەتەوەو بابەتەکانی ڕۆشنگەریش لەبۆشایدا مەلە دەکەن.

ئەگەر پشت بکەینە ئەم رێگە تەقلیدییانەی نوێگەری دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ مافی سروشتی و فیکری مەسیحی بەو پێیەی کەدەبێت خود و دیموکراتییەت بکرێنە بابەتی بنەڕەتی ڕامانەکانمان، بەڵام ئەمە هەڵبژاردنی هیچ کامێك لەو بیرمەندانە نەبوو کەبوحرانی نوێگەرێتیان هێنایە ئاراوە.

نیتشە لەکتێبی"بنەمای رەوشت"دا بەڵگەکەی خستەڕوو:( بەهێز و بێهێز، سەردەست و ژێر دەست، باڵندەی گۆشت خۆرو بەرخۆلە هەیە کەلەنێوانیاندا پێوەندییەکی ماتەریالی هەیە هەموو رەگەزێکی مۆڕاڵی تێدا بزرەو ئەم پێوەندیانەش پێوەندییەکانی خودی ژیانن. بەلام لاواز راڤەی هێزی بەرانبەرەکەی دەکات وەك توندوتیژی، تا لەو پێوەندییانەی هێز دەربازی بێت کەلەبەرژەوەندیدا نییە و ئیرادەو ناوەڕۆکیش دەخاتە پشت کردارەکانی، هەر لێرەشەوە بیرۆکەی نائەقلانی و پیشەسازیبوون دەست پێدەکات کەنەفامەکان بۆ راڤەکردنی تەزووی کارەبا بەکاریدەهێنن و ئەم برووسکەیەش بەپێی خۆی دەبێتە خودو رووکاری "جۆپیتەر" لەخۆ دەگرێت.

هێنانە ناوەوەی نییەتی گشتی و ویژدان بۆ راڤەکردنی رەوشەکان ئامرازێکی داکۆکییە بەدەست لاوازەکانەوە، بەمەش یاسای سروشت تێك دەشکێنێت و ماهییەتەکان دروست دەکات، ئەم پرەنسیپانە ئۆگست کۆنت کردییە سەرەتای فیکری یاسایی و میافیزیکی، دیلوز دەڵێت:( هیچ رۆژێك لەرۆژان هۆش گوزارشتی لەهۆشمەندی ئیگۆیی نەکردووە، بەڵکو هۆشمەندی منە بەئیگۆوە کەلەکاتێکدا خۆشی بێئاگایە، هۆش هۆشی سەردەست نییە، بەڵکو هۆشی کۆیلەیە لەمەڕ پێوەندییەکانی بەسەردەستەکەیەوە، کەخاسیەتی هۆشمەندبوونی تێدا نییە).

ئەوەی لێرەدا بەلای ئێمەوە گرنگە ئەو هێزەیە کەنیتشە بیرۆکەی ئیگۆی پێ ڕەتدەکاتەوە، بەتایبەتیش مەسیحییەت وەك ئایینێکی لاوازەکان، پێش ئەویش شێوازی سوکرات و یۆربیدس– قوتابیی رەتدەکاتەوە لەڕووی ئەوەی کەڕۆحییەتی تراژیدیای یۆنانییان تێکشکاندووە. نیتشە لە"ڕەچەڵەکی رەوشت"دا دەنووسێت:( ئەم جۆرە مرۆڤە پێویستی بەباوەڕهێنان بەئیگۆ هەیە، خودێکی بێلایەن بۆ هەڵبژاردنی ئازادانە، ئەمیش لەڕێی غەریزەی پاراستنی کەساسەتییەوەیە، بۆجەخت کردنە سەر ئەمەش بەشوێن پاکانەیەکدا دەگەڕێت. لەوانەیە ئیگۆ"وەك زمانی سەرزارەکی خەڵك گوزارشتی لێدەکات" تا ئەمڕۆش بابەتی ئەو ئیمان بێت کەلەبن نابرێت، چونکە ڕێگە بەڕێژەی هەرە زۆری مرۆڤی لاوازو تێکشکاوی هەمەجۆرە دەدات، بەم فێڵە هەڵخەڵەتێن کەئامانجی مامەڵەکردنە لەگەڵ لاوازی بەوپێیەی کەئازادیی بوونیانە، بەو پێیەش ئەمە توانایانە).

لەکتێبی "لەپشت خێر و شەڕ"ەوە ڕەخنەکەی دەرحەق بەفەیلەسوفان چڕ دەکاتەوە، سەرەتاش بەرانبەر کۆجیتۆی دیکارت:( دیکارت دەڵێت –من بیر دەکەمەوە– لێرەدا خودی وشەکە دەستنیشان دەکات، لەوێدا من بیر دەکەمەوە، نوێگەرانیش پێچەوانەی ئەمە دەبیننەوە، –بیردەکاتەوە– ئەوەیە دەستنیشان دەکات و –من–یش ئەوەیە دەستنیشان دەکرێت، ئەو دەم –من– دەبێتە ئەو کۆمەڵەیەی

کەفیکر پێکی دێنێت).

نیتشە زاراوەکانی نزیکن لەو زاراوانەی کەفرۆید بەکاریان دەهێنێت، هۆش بونیادێکی کۆمەڵایەتی پێکەوە گرێدراوە لەگەڵ زمان و بەیەك گەیاندن، کەواتە وابەستەی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکانە، ئەوەی کەزۆر تایبەتمەندو کەسێتیانەشە ئەوەیە کەوابەستەی عورفەکان و لەهەمووشیان خاکی ترە. نیتشە لە"مەعریفەی بەختەوەر"دا دەڵێت:( بێجگە لەشتێکی ناکامڵ و شلۆق لەپەرەسەندنی ژیانی ئۆرگانیدا شتێکی تر نییە، بەو پێیەی چەند بوونەوەر هۆشمەند بێت ئەوەندە هەڵەکانی زیاد دەکات تا دەبێتە هۆکاری مەرگی، ئەی چۆن بیر لەمارکس بکەینەوە کەهێزە بەرهەمهێنە گوزارشت لێکەرەکانی وزەو ژیان ڕووبەڕووی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ژێرخانی هۆشمەندی دەکات، ئەو هۆشمەندییەی کەئەو پێی وایە چینی سەردەستە).

ئەوەی ڕێگە بەئازادبوون دەدات لە نموونەی باڵا دەربارەی خوداوەند، سەرکەوتنی ئیرادەی ژیانە بەسەر ئارەزووی مەرگدا، بەڵام ململانێکە لەنێوان ئەو دوو هێزە دژ بەیەکەدا ڕانەوەستێت، چونکە هەر ئارەزووکردنێك بۆ بەدیهێنانی ئایدیایەکی باڵا دروست دەکات، لەکۆتاییەکانی چاخی پێشووتردا ماکس فیبەر کەوتە تاوتوێ کردنی بابەتی ئەو "زوهد"ەی نیتشە گرنگی پێدابوو، بەپشت بەستن بەپەڕینەوە لەنێوان"زوهد"ی دەرەوەی دنیا و "زوهد"ی ناوەوەی دنیا بۆ ئەوەی ڕاڤەی گەشەسەندنی کاپیتالیزم بکات کەوتە گەشەسەندنی دنیای دەوڵەمەندان و بەهێزەکان نەك دنیای هەژاران و لاوازەکان، بەڵام نیتشە بەپێچەوانەی فیبەر–ەوە ئیرادەی هێز لەدژ "زوهد"ی پیاوانی ئایین و فەیلەسوفەکان بەکاردەهێنێت، کەمەزنایەتی دەدەنە هەژاری و پاکیزەیەتی. فیبەر خۆی دەخاتە نێو جیهانێکی ئیکۆنۆمیکی و سۆسیۆلۆژی، نیتشە–ش خۆی دەخاتە نێو جیهانی فیکر بەوپێیەی فەیلەسوفەکان بەوە تاوانبار دەکات کەرەوشتیان بۆ مرۆڤ داناوە بۆئەوەی حەزیان بەفەزیلەت بێت.

ئەم جیاوازی ڕاوبۆچوونەش لەنێوان نیتشەو فیبەر–دا دەرئەنجامی یەك لاییکەرەوەی هەیە، نیتشە دەگەڕێتەوە بۆ نمونەکانی ڕابردووی یۆنانی کۆن و چاخی ڕێنیسانسی ئیتالی کە فەزیلەت باشترین گوزارشتێك بووە لەهێزێکی بارگاوی بە مەعریفە، خوداوەنمان کوشت و کۆمپلێکسی هەست کردن بەتاوانیش تینوویەتی دەشکاندین بۆ ملکەچی و ڕزگاربوون لەکاتێکدا کەدەبوو ئەم کوشتنە تێپەڕبکەین بۆ ئەوەی بچینە پشت خێرو شەڕەوە یان بوونێکی سروشتی ئازاد لەهەموو جۆر زوهد– و شێوەکانی نامۆبوون پێکبهێنین، ئەوەی بەهەوڵدانێك کەلەهەمان کاتدا ئارەزوو و ئەقڵیش بێت سەرباری کۆنترۆڵکردنی ئیگۆ و گەڕانەوە بۆ دیۆنیسۆس. ئەمە بابەتی سەرەکی ڕامانەکانی نیتشەی گەنج بوو، کاتێك "لەدایك بوونی تراژیدیا"ی نووسی، ڤاگنەریشی بەبەرجەستەکەری ئەو گەڕانەوەیە بۆ دیۆنیسۆس دادەنا، دیلوز دیۆنیسوس  بەدژێکی سوکرات و مەسیحی دەداتە قەڵەم نەك دژێکی ئەپۆلۆن، چونکە دیۆنیسۆس ژیانە بەمەش دەبێتە ئەو شتەی تاك تێپەڕدەکات.

نیتشە بەبێ تێپەڕاندنی بیرۆکەی مەسیحییەت دەربارەی ئیگۆ ناتوانێت بیرۆکەی سوودمەندێتی ئینگلیزی تێپەڕبکات، ئەمەش بەدوورکەوتنەوەی لەئەزموونگەرێتی و بەرزبوونەوەی لەسەر ئاستی کەسێتی، ئەوەی کەکێشیشی دەکات بۆ نهێنییەکانی ئیلیۆسیس ئەوە( سەرنجدانێتی بۆ یەکانگیری بوونەوەرەکان بەو پێیەی  بیرۆکەی کەسێتیش بنەمای هەموو خراپەکارییەکە و هونەریش بەرجەستەی ئەو هەستە دەکات، خۆشیی و هیواش ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە کەسیحری ئەو تاکرەوبوونەی تێدا بەتاڵبوویێتەوە). سۆز بەرانبەر بەبوون و گەڕانەوە بۆ ئەودیوی هۆشمەندی، گەڕانەوە بۆ ئەو تاکەی کەبەرجەستەی جیهانی خوداوەندانە ناکات بەڵکو بەرجەستەی جیهانی پێش خوداوەندەکان دەکات، جیهانی بت پەرستی کەلەو دەمدا مرۆڤ بۆخۆی خوداوەند بوو یان نیوە خوداوەند بوو، ئەو دەم قارەمان بوو. شارستانییەتمان پاش ئەوەی ئەفسانەی لێ داماڵدرا چووە قۆناغی هەڵوەشانەوەو فەرەنساش دیارترین و خراپترین نمونەیەتی و شارستانیەتیش بەگەڕانەوە بۆ ڕابردوو دەیەوێت ئەفسانەی خۆی دروست بکات. تراژیدیا پەیوەستە بەچێژی ژیانەوە، دەبێت بەشوێن ئەو چێژەدا بگەڕێین نەك لەدیاردەکاندا، بەڵکو لەپشت دیاردەکاندا، ئەو کاتەی بۆ چەند ساتێکی کەم و بەکردار یەکانگیردەبین بە بوونی ڕاستەقینە، کەتینووێتمان

بۆی ئێمەی کوشتووە..چێژی بەختەوەری ژیان دەکەین سەرباری تیرۆرو بەزەیی، نەك وەك تاك بەڵكو وەك بەشداربووان لەوجەوهەرە زیندووەی کەهەمووومان دەگرێتە خۆی و چێژی دەرکەوتنی ژیانیش لەوەوە دەستپێکی هەیە).
سەبارەت بەنیتشە ئەم ئەفسانە دیۆنیسییە کەلەگوشارەکانی ژیان دەرباز دەبێت و ناتوانێت وەدەربکەوێت تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کەلەگەڵ شارستانیەتێکی تر یەکانگیر دەبێت، وەکو ئەو یەکانگیرییە مەترسیدارەی لەفەڕەنسا ڕوویدا، ئەمە ناتوانێت بێتە ئەفسانەیەکی ئەڵمانی چونکە هیچ پێوەندییەکی بەهۆشمەندی نەتەوەییەوە نییەو کۆمەڵایەتیش نییە. ئەڵمانیا هەر لەسەردەمی لۆسەر–وە خاکی بەردەوامییە و ئیرادەی بوونە کەهیچ کاتێك قایل نەبووە بەفۆرمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، تەنیا رۆحی ئەڵمانی دەتوانێت دژ بەم شیرازە تێکچوونەی ئێستا و تێکچوونی رەگەزی ئەوروپایی خەبات بکات. راڤەکردنی ئەم بیرۆکە دوورە لەناسیۆنالیزم و بسمارکییەت و دەوڵەتی میلیتاریی، ئێمەش ئەوە دەزانین کەنیتشە یەکێك لەو دژە دەگمەنانەی سامیزم، ئەمەش وامان لێدەکات کەبیرۆکەی ئەو و نازیزم تێکەڵ نەکەین، کەبۆخۆی ئینیتیمای خۆی دەگەڕاندەوە بۆ فیکری نیتشە کەگەل و نەتەوەی ئەڵمانی بەکەم نەدەزانی، بەڵام ئەو بوونەی لەمێژوودا بەرجەستە دەبێت لەمیانی ئیرادەی گەلەوە، بەتایبەتیش کەگەلی ئەڵمانی بەڕك و کینەوە دژ بەبیرۆکە نوێیەکان ڕاساوە، هەر وەك لەکتێبی"لەودیو خێر و شەڕ"ەوە ئاماژەی پێدەدات، بەردەوام نیتشە دەگەڕێتەوە بۆ گەلە سلاڤییەکان وەك روسیا و پۆڵەندا کەهەندێ ڕەگەزی بەبنەچە دەچێتەوە سەر ئەوێ، بەڵام بنەڕەت لای ئەو گەلی ئەڵمانییە کەدژە شارستانییەتی فەڕەنسایی و بیرۆکەی ئینگلیزییە، ئەم دژایەتییە دواتریش "تۆنیس" ئاماژەی پێ دەدات، لەگەڵ شتێك سۆز بۆ ژیانی کۆمەڵ و نەتەوایەتی کۆمەڵ ئەکات بەگژ کۆمۆنیتەدا.
لەڕوانگەی فەیلەسوفە رۆشنگەرەکانەوە کۆمەلگەو مێژوو دوو رووی جیاوازی یەك واقیعن، ئەم بیرۆکەیەش لەفیکری فەڕەنسیدا زۆر دیارە کەلێکچوون لەنێوان سەرکەوتنی ئەقڵ و ئازادیدا دەبینێتەوە. بەڵام فیکری ئەڵمانی کەنیتشە بەسەرەکیترین گوزارشت لێکەری دەناسرێت، نەتەوەو ئەقلانییەت لێك جیا دەکاتەوە. نیتشە هێرش دەکاتە سەر مرۆڤی ئەبستراکت کراو لە ئەفسانەی دروستکەر، هێرشیش دەکاتتە سەر فێربوونی ئەبستراکت و مافی ئەبستراکت و دەوڵەتی ئەبستراکت بەنێوی ئەفسانەی ناسیۆنالیستییەوە. یبرۆکەی نیتشە بانگەشەی بوون و بزافی جەختکردنی نەتەوە بۆخۆی دەکات. بانگەشەی بوون لەودیو خێر و شەڕەوە دەبێتەمایەی یەکانگیری ئازادی و پێداویستی، نیتشە لە:مەعریفەی بەختەوەرد–دا دەڵێت:"دەمەوێت زیاتر و زیاتر فێر ببم، پێداویستبوونی شتەکان وەك خودی جوانی وایە لەخۆیدا، بەمەش دەبمە یەکێك لەوانەی کەجوانی وەك ئیزافەیەك دەخەنە سەر شتەکان، خۆشویستنی قەدەر ..با ئەمە لەمڕۆوە خۆشەویستیی من بێت".
سۆپەرمان ئەو کەسەیە کەدەتوانێت بەرەو خۆشویستنی قەدەریی بەرزبێتەوە، ئەو ئەوەیە دەزانێت بەو پێیەی کەزەردەشت دەیلێت، ئەو پێویستی بەخراپترین شتە بۆ ئەوەی بگاتە باشترینیان، نیتشە داوای ئازادبوونی غەریزەکان ناکات بەڵکو داواکارە بەرۆحانییەت پەردەپۆش بکرێن، دەیەوێت سروشت بکاتە کارێکی هونەری و رۆبچێتە نێو ئەبەدییەتەوە. "هەموو شتێك دەڕوات و هەموو شتێکیش دێتەوە، تا ئەبەد هەڵدەسووڕێت، هەموو شتێك دەمرێت بەڵام هەموو شتێك سەرلەنوێ دەبووژێتەوە". ئەم بەرزبوونەوەیە لەئاست بووندا یان لەئاست هونەردا پەیوەستە بە تەوژمێکی سەرەکی فیکری ئەڵمانییەوە هەر لەشیلەر و هۆڵدەرلین و شیلنگ و هیگڵ–ی گەنجەوە، ئەو سێ کەسەی پێش هیگڵ سەر بەڕێبازی توبنگن–نن، دەیانەوێت فیکری ناسیۆنالیستی بەرزبکەنەوە بەرەفزکردنی نوێگەرێتی، چونکە لای ئەوان هاوتای تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی و باڵادەستبوونی مۆڕاڵ و بۆرژوازییەتە، بەڵام ئەم بانگەوازە شلۆقە، چونکە بانگەشەکردنی گەل هێندە نابات دەبێتە تەوژمێکی ناسیۆنالیستی و دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ بۆچوونی ئێستەتیکییدا، بەڵام هێندەی وابەستە بوونی فیکری مەسیحی بە داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان شلۆق نییە، ئەوەی دیموکراتییەتی نوێ پشتی پێ دەبەستێت. سوودمەندێتیی سەرکەوتوو هەمیشە ئەم دوو دژە لەبەردەم خۆیدا دەبینێتەوە کەهەرچەندە زۆر نزیك لەیەك دیارن بەڵام هەریەکەیان دەکەوێتە پۆلێکەوە: وەسەنییەتی نیتشەوییانە و رۆحی دیموکراتی بۆ داکۆکی کردن لەلاوازەکان.
رۆشنبیرەکانی نەوەی من رەخنەی ئەنسرۆپۆلۆژییانەی نیتشەیان سەبارەت بەشارستانییەتی بۆرژوازی پێ باشتر بوو لەبری رەخنەی کۆمەڵایەتی دژ بەکاپیتالیزم، هەرچەندە ئەو سیاسەتەی نیتشە بیری لێدەکردەوە سیاسەتێکی دیموکراتیانە نەبوو،

ئەو دژ بەمەسیحییەت و سۆسیالیزم و مۆڕالێتی کانت– یی بوو، لە"مەعریفەی بەختەوەر"دا دەڵێت:( بەو سۆزەی کەلەدڵدا نیشتەجێیە، دەتوانین نەك هەر ئازایانە بژین بەڵکو خۆشبەختانەش بژین و پێبکەنین. کێ دەتوانێت باش بژی و باش پێبکەنێت ئەگەر نەزانێت چۆن بجەنگێت).

لەم وشانەدا هەموو بیرۆکە سەرەکییەکانی نیچە دەبینینەوە: رەفزکردنی رەوشتی مەسیحی، خۆشیی، جەنگان. ئەوەی ئەم بابەتانە لەبنەڕەتدا کۆ دەکاتەوە، هەرچەندە ڕەخنەی نیتشە هێندەی رەخنەی نوێگەرێتی و رەخنە لەسوودمەندێتی و مل پێکەچکردنی تاك بۆ سیستمی کۆمەلایەتی و ئیکۆنۆمیکی رادیکال نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دژە مەودای کۆمەڵایەتییە. لەپاڵ ئەمەشدا رك وکینەی زۆر هونەرمەندو رۆشنبیر دەبینینەوە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەو دیموکراتیەتەی شان بەشانی کاپیتالیزم ڕێدەکات. هزرو تێڕوانینی نیتشە تیشك دەخاتە سەر بەشێکی گەورەی ئەو نوێگەرییە زێدەڕەوەی کەپێشتر ئاماژەمان پێدا. سۆزداری بۆ رابردوو و بانگەشەی هێزو توانای ناسیۆنالیستی ئەو دوو شێوازە سەرەکیەن بۆ بەرەنگاری بوونەوەی نوێگەرێتی و گەڕانەوە بۆ چەشنە ژیانێکی کۆمەڵایەتی دیکە تاشوێن خوداوەندی کوژراو بگرێتەوە. فیکر لەتەك نیتشەدا دەبێتە دوژمنکاری بۆ مەودای کۆمەڵایەتی و نوێگەری و هەندێك جاریش بۆرژوازییەت و دیموکراتییەت، هەمیشە ئاگاداریشمان دەکاتەوە لەهێزە کۆمەلایەتی و بکەرە کۆمەلایەتییەکانی نوێگەری و پێوەندیی نێوانیان، لەکاتێکدا بانگەشەی یەکێتی بوون یان رۆحی ناسیۆنالیستی یان بەردەوامبوونی مێژوویی دەگەڕێتەوە بۆ گشتگیری. چاخی بیستەم چاخی پێکدادانەکان بوو کەکۆمەڵگەکان بەهەموو هێزیانەوە خزمەتیان بەخوداوەندەکانیان دەکرد، کۆمەڵگەکان تا مەرگ لەنێو گۆڕستانی بەتاڵی خوداوەندی مەسیحییەکان دەجەنگان. ئەگەر نیتشە خۆی لەم جەنگە بەتاڵە واقیعییانەش رزگاربکات لەبەر ئەوەیە نایەوێت بەتەواویی لەمەسیحییەت دابڕێت. لەکتێبی" ڕەچەڵەکی رەوشت"دا دەڵێت:( جۆرێك لە بەردەوامیی لەگەڵ ئایین دروست دەبێت کە ئازار چەشتنەکان و ئیرادەی خودی بەرجەستەکراوی لەمەسیحییەتدا کۆکردۆتەوە، هەرچەندە بەغەریزە فێرە پشت چەمانەوەو ملکەچێتێتی کردووە بەلام فێری ئەوەشی کردووە کەپاکژ بێتەوەو بەرزبێتەوە بۆ پلەی خۆشەویستی عاتیفیانە).

چەند باوەڕ بەبەرەوپێش چوون و ڕەوتی مێژوویی کەم دەکات ئەوەندەش بیرۆکەکانی نیتشە گرنگیان زیاتر دەبێت تا دەگاتە ئاستی باڵادەستی، بۆ نموونە هەروەك ئەوەی کەلەفەڕەنسا بووە پەرچەکردارێك دژ بەئایدیۆلۆژیەتی نوێگەری پاش جەنگی جیهانی دووەم. "جیانی ڤاتیمۆ" پێی وایە بەڕاستی بنەمای بیرۆکەی پاش نوێگەرییە، نیتشە وەك بەرەوپێش چوونی کەسێتی و تێکەڵ بوونی کۆمەڵایەتی دژ بەوەهمەکانی نوێگەرێتی وەستایەوە، هەر ئەوەشی بەبەشێکی فیکری ئەورووپاییەوە پەیوەست کرد لەڕووی سۆزداری بۆ رابردوو کەزۆرجار دەبێتە مەزنکردنی بوونی ناسیۆنالیستی و رۆشنگەرێتی تایبەت.

لەڕووبەڕوو بوونەوەی بیرۆکەی نوێگەریدا کەبووە بیرۆکەیەکی ڕەخنەیی، بیرۆکەیەکی دژ بەنوێگەری چێبوو، کە لەنیتشەوە دەست پێدەکات و لەهێرشکردنە سەر ئیگۆدا چڕ دەبێتەوە، وەك بیرۆکەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی و فەلسەفی دژ بە زانستە سۆسیۆلۆژییەکان . فیکری نیتشە لەنوێگەری دەردەچێت کاتێك دەچێتە بوونی نامێژووییەوە کەناکرێت جیهانی ئایدیالیستی ئەفلاتونی یان لۆگۆسی خوداوەندانە بێت، بەڵکو پێوەندییەکە لەنێوان ئەو و هۆشمەندی و ئارەزوو. مرۆڤ مێژووی خۆی تێپەڕدەکات نەك لەبەر ئەوەی وەك خوداوەند وێناکراوە وەك دیکارت تێی دەڕوانێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی دیۆنیسۆس لەنێو ناخی مرۆڤدا نیشتەجێیە و هێزە ناکەسێتییەکانی ئارەزوو سێکس و سروشتی تێدا بەرجەستە دەکات، بیرۆکەی گەردوونی نیتشە دژ بەو بیرۆکەیەی رۆشنگەرییەیە کەهەر شتێکی گەردوونی هەیە ئەو لەنێو ئەقڵدا دەستنیشانی دەکات و لەڕێی ئیرادەی بەکارهێنراو بۆ خزمەت کردنی روونی و ئاشکرایی بانگەوازی کۆنترۆڵی هەڵچوونەکان دەکات ، لای فرۆیدش هەرچییەك گەردوونییە لەنێو دەروون و زمانەکەیدایە لەنێو ئەو ئارەزووەدایە کەلەمپەرەکانی نێو دەروون ناهێڵێت. ئەم وەرچەرخانە دەکرێت تاڕادەی دژایەتی زۆر توندڕەو دژ بەنوێگەری بخرێتە گەڕ:( بەلام مەرجێکی سەرەکیشە بۆ خووڵقاندنی ئیگۆیەك کە من–ی تاکڕەوانە نییە، ئەو دەروونەش نییە کە کۆمەڵگا فۆرمۆڵەی دەکات، ئیگۆ پێوەندی خۆی بەخۆیەوە دیاری دەکات نەك بەپێودانگە رۆشنبیرییە دامەزرێنەرەکانەییەوە، ناشکرێت هەبێت ئەگەر ئەو ڕێگەیە نەدۆزرێتەوە کەلە ئەو–ەوە بەرەو منی قسەکەرەوە دەچێت، ئەویش ڕێگەیەکە ئەو من–ە تێپەڕدەکات کەلەگەڵ ئەقڵ ڕێ دەکات. نیتشە خەمەکانی من–ی پێ گرنگ نییەو ئەو خۆشەویستییە قەدەرییەی ئەو بانگەشەی بۆ دەکات، هەوڵ بۆ رزگارکردنی مرۆڤ

لەهەموو گرایشەکان دەدات ، وەك مەسیحییەت و دیموکراتییەت و فیمینیزم و لەوێشەوە بەرەو بەدیهاتنی ئیگۆ دەکەوێتە ڕێ. ئەم بیرۆکەیەش دەکەوێتە قووڵایی سۆزداریی بۆ بوون و شەیدا بوون بەدەستەوتاقم وەك کۆمەڵێکی زیندوو، هەر ئەمەشە وای لەهایدگەر کرد کەبۆخۆی لەژێر کاریگەریی نیتشەدا بوو، ببێتە هاوپەیمانی نازییەکان، ناشتوانین نیتشە دابڕین لەکردەی هەڵکشانی ناسیۆنالیزمی نێوەڕاستی ئەوروپا، ئەم هەڵکشانەش سەرەتای گەورە بوحرانێك بوو کەڕووبەڕووی ئایدۆلۆژیای نوێگەری بۆوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا زێدەڕۆییە ئەگەر نیتشە و ئەم تەوژمە گرێبدەین، یان بڵێین ئەنترۆپۆلۆژیای نیتشە وەڵامدانەوەیەکی سوودمەندێتی و نواندی کۆمەڵایەتییە. دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین وەك نیتشە پێی وایە هەر بیرۆکەیەك لەنێو دڵی کۆمەڵگەیەکدایە دابەش بووە بۆ بەرژەوەندی دژ بەیەك. هۆشمەندی و هەستی ناوەکی جگە لەئامڕازێکی داکۆکی کردن لەهەژاران شتێکی تر نییە، لەکاتێکدا دەوڵەمەندەکان هەڵگری ژیانن، ئەو دژایەتییەی نیتشە دەیبینێتەوە دژایەتیەکی کۆمەڵایەتییە، لەبەر ئەوە سەیر نییە کەهێرشەکانی دژ بەهەژاران و دیموکراتییەت و ئافرەتانە، لای نیتشە بابەتی خود گەڕان نییە بەشوێن بنەمای "میتا–سۆسیال"ی کۆمەلایەتی، یان گەڕان بێت بەشوێن ناوێکی نوێی خوداوەند یان ئەقڵ و مێژوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە بزافێکی کۆمەڵایەتییە، ڕەوتی سروشتی و ماتەریالیستی کۆمەڵگەی نوێ فەلسەفەی باڵادەستەکانە، لەکاتێکدا دەبێت ئەوانەی لەتۆڕەکانی ئایدیۆلۆژیای ملکەچبووندا کار دەکەن پێوەندی لەگەڵ خۆیان بسازێنن و جەخت بکەنە سەر ئەوەی کەئەوان ئیگۆی ئازادن چونکەناتوانن لەمیانی کار و پێوەندییە کۆمەلایەتییەکانەوە خۆیان بدۆزنەوە کەلەنێویدا تێکشکاو و نامۆن. نیتشە لەگەڵ بەختەوەری یەکانگیر دەبێت بەیەکانگیربوونی لەگەڵ بەختەوەری بەهێرشکردنی بۆ هۆشمەندی و هۆشمەندی خودیی بەدەرخستنی ڕێگەیەکی پێچەوانە کەدەبێت فەلسەفەی خود بیگرێتە بەر کەدواجاریش ناتوانێت ببێتە سۆسیۆلۆژیای خود، بەوپێیەی کەخود ناتوانێت فۆرمۆڵە بێت بەبێ پچڕانی ئەو پێوەندییانەی کەگیرۆدەی دەکەن.

ململانێی نێوان خاوەن کۆیلەو کۆیلە بۆتە بابەتی تەواوی چاخی هیگڵ و مارکس و نیتشە، ئەمەش ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێت کەیان داکۆکی لەخود بکەین، یان ڕەتی بکەینەوە لەنێو کۆمەڵگەیەکی دابەش بوو بەسەر چینەکاندا و ئەو دەستە هەڵبژاردەیەی کەخۆی لەنێوان پێشکەوتن و توێژە چەوساوەکاندا دەبینێتەوە کەنەك تەنیا شووناسیان لەلایەن کولتوورێکەوە دەسنیشان دەکرێت بەڵکو تەنها مەودایەکی ئازادیشە لایان تا لەمیانییەوە دژە هێرش بکەن تەنانەت ئەگەر وەك زمانیش تەقلیدی بێت.

باوا دابنێین ئەو سوودمەندێتی و ئایینی کۆمەڵگەیەی کۆمەڵ لەنێو قەفەسێکی ئاسنیندا بەند دەکات، دەکرێت لەدوو ئاراستەوە هێرش بکرێتە سەری: لای نیتشە لەمیانی ئەقڵی ناوەکییەوە یان لەمیانی ژیانەوە لەیاساکانی سیستەم یاخی دەبێت و لەلایەکی دیکەشەوە "من" و ئازادییەکان و بزافە کۆمەلایەتییەکان دژ بەسیستمی کۆمەلایەتی باو دەجەنگن کەسەردەستان دەیانەوێت وەك شتێکی سروشتی پیشانی بدەن. گرنگیش ئەوەیە دان بەم دوو دژەدا بنرێت وەك لایەنێکی یەکلایی کەرەوە لەدژایەتی کردنی سوودمەندێتی و وەزیفەگەرێتی سۆسیۆلۆژیای ئیرادەی هاوبەش، بۆ ئەو دوو تەوژمە هزرییەی پێشوو. ڕەخنەگرتن لەسیستمی بۆرژوازییەت بەناوی ژیان و ئارەزووەکانەوە چ بەلای چەپڕەوێتیدا یان بەلای فاشیزمدا لابدات، بارگاوییە بەڕکەبەرایەتی دیموکراتییەت و بەتایبەتیش سۆسیال دیموکرات. لەو شوێنەی شیکارکارییەکەم دەست پێدەکات بۆ بەدواداچوونی ئاوابوونی مێژووگەرایەتی پاش سەرکەوتنی بەسەر دوالیزمی مەسیحییەتدا. لەمیانی ئەمەوە بەلای منەوە ئاستەمە دەسنیشانی جیاوازییەکانم بکەم لەگەڵ نیتشە بەبێ دان پێدانان بەڕاستی پشتگیریکرنم بۆ هێرشەکانی بۆسەر مێژووگەرایەتی خنکێنەر. نیتشە تەنها بیرمەندێك نەبووە کەدژایەتی ئایدیۆلۆژیای نوێگەرێتی بکات، بەڵکو زۆر بیرمەندی مێژوو و کۆمەڵگە داویانەتە پاڵ یەکێك لەباڵەکان، زۆریان وەك بیرمەندە فەڕەنساییەکان یان ڕۆشنبیرە ئەڵمان و ئەوانەی ناوچەی "دانوب" داکۆکییان لەبیرۆکەی هەڵسانەوەی نەتەوەیی کردووە و هەر شوێنێکیش بووە بۆ گەشەسەندنی نەتەوەکان. هەرچەندە زۆر کات ئەودالّی گەڕانی ئەنتۆلۆژی بوون کەلەسروشت و جوانیدا بەدییان کردووە، یان بەشێوەیەکی سەرەکی لەژیاندا و بەشێوازێکی لەوەش وردتر لەسێکسدا. فەلسەفەکانی ژیان گوزارشتێکی ڕۆشنگەرییە لەنوێگەری و لەهەمان کاتیشدا پەرچەکردارێکە بۆ ئەو ریتمەی کەرۆشنگەری دەکاتە ئامڕازێکی ئەقڵانی، لەڕێی برجسۆن–یشەوە لەم دواییانەدا هاتە نێو فەڕەنساوە. ئاسانیشە دژایەتیکردنی لەگەڵ سۆسیۆلۆژیای ئیگۆ ببینینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت

ئاماژە بەوە بدەین کەئەمە خاڵێکی دەسپێکە بۆ دەربازبوونی هزر لەو ئەقڵانییەتەی کە سوودمەندێتی هێدی هێدی هەڵیدەلووشێت، ئەم دەربازبوونەش بزافێکی ڕەخنەگرانەیە بۆ فۆرمۆڵەبوونی ئیگۆ تەنانەت ئەگەر پشێوی و نائارامیش توند بێت لەنێوان هەموو فەلسەفەکانی بوون و هەموو تێورییەکانی ئیگۆدا.

ژێدەر: Modreniteya Elistri
Alain Tourin-Can yainlar-2002-Istanbul